سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

# ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان

## سێکوچەکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن

## دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی

حوزەیران 2020

www.centerfs.org

- ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان:
سێکوچکەی هەولێر– بەغدا–واشنتۆن: دەرفەت و کۆسپەکان
- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)
- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە
- سلێمانی - هەرێمی کوردستان
- حوزەیران ٢٠٢٠

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومیە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

1. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆرییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
2. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
3. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
4. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
5. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆرییەکانی سەنتەر.
6. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
7. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
8. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی ڕای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جێگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
9. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆرییەکانی سەنتەردا.
10. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

1. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
2. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
3. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
4. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
5. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆرییەکانی سەنتەر.
6. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
7. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان:

## سێکوچەکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن

## دەرفەت و کۆسپەکان

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم:
ئایندەی ڕێککەوتنی هەولێر- بەغدا ٤

تەوەری دووەم:
گفتوگۆکانی عێراق - ئەمریکا ١٠

# سەرەتا

سێ لایەنی کوردستانی، عێراقی و ئەمریکی ماوەیەکە لە مشتومڕی داڕشتنەوەی پەیوەندی و ڕێککەوتن و دابەشکردنەوەی نوێی ڕۆڵن لە عێراق و ناوچەکەدا، هەر بەم مەبەستەشەوە، چەند مانگێکە لەسەر دوو ئاست ناوچەکە دەستپێکی دوو گەڕی نوێی گفتوگۆ (هەولێر-بەغدا) و دانوستاندن(بەغدا-واشنتۆن) بە خۆوە دەبینێت، لە ئەگەری سەرگرتن و سەرنەگرتنی ئەم ڕێککەوتن و دانوستاندانەدا، جێکەوتە و کاردانەوەی ناوچەیی و هەرێمی و بگرە نێودەوڵەتیش لە ڕووی سیاسیی، سەربازی و ئابووریی درووستدەکەن. تێگەیشتن لەو دۆخ و قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی عیراق و هەرێمی کوردستان بووەتەوە زیاتر دەخوازێت کە شرۆڤە و ڕەهەندەکانی ڕێککەتننامەکانی هەم هەولێر-بەغدا و هەم بەغدا-واشنتۆن بخرێنە ژێر وردبینەوە، ڕاستە دوو دۆسێی جیاوازن و دابڕاو لەیەک دێنە بەرچاو، بەڵام لە ناوەڕۆک و هۆکار و دەرئەنجامەکانییەوە پێکەوەگرێدراوون، لە هەر بارێکدا بێت زیاتر لە هەر لایەک کاریگەری جێپەنجەی لەسەر سیاسەترێژیی حکومەتەکانی هەولێر و بەغدا و گوزەرانی هاوڵاتیانی کوردستان و عێراق جێدەهێڵێت.

ڕانانی ئەم ژمارەیە بەدواداچوون و شرۆڤەی ڕەهەندەکان، کۆسپەکان، دەرفەت و سیناریۆ ئایندەییەکانی هەردوو ڕێکەوتنی هەولێر-بەغدا و دانوستاندنی بەغدا-واشنتۆنی خستووەتەبەرباس.

## تەوەری یەکەم: ئایندەی ڕێککەوتنی هەولێر – بەغدا

**- سروشتی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا:**

ململانێ و ڕوودانی ناکۆکی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، لە هەر دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ئاساییی وتاڕادەیەکیش سروشتییە، لە وڵاتێکی وەک عێراقیشدا کە پرۆسەی گواستنەوەی لە فۆڕمی دەوڵەتێکی یونیتاری دەسەڵاتخواز و ناوەندگیرەوە بۆ فۆڕمی دەوڵەتێکی فیدراڵی ناناوەندی، تەنها پانزە ساڵی تێپەڕاندووە، ئاساییترە. ئەوەی ناسروشتییە ئەوەیە زۆربەی ئەو دۆسێیانەی جێی ناکۆکی هەردوولایە بەردەوام بە هەڵپەسێردراوی و بێچارەسەر ماونەتەوە، ئەمەش تایبەتمەندی سەرەکی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە، هەر لە پەسەندکردنی دەستوری فیدراڵی ساڵی ٢٠٠٥ ەوە تا هەنوکە، تا ئێستا چەندین دۆسیە کە جێی ناکۆکییەکانی نێوانیانە بێچارەسەر ماونەتەوە، لەوانەش دۆسێکانی: نەوت و گاز، ناوچە جێناکۆکەکان، سیستمی بەرگری هەردوولا و شایستە داراییەکان و پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیدا.

لە وڵاتانی فیدراڵیدا ئامرازی هەمەجۆر بۆ یەکالاکردنەوە و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان دانراوە، وەک: هەماهەنگیکردن لە ڕێگەی ئەنجومەنی فیدراڵییەوە (ژووری دووەمی پەرلەمان)، هەموارکردنی دەستووری فیدراڵی، پەنابردن بۆ دادگای فیدراڵی، ئەنجامدانی گفتوگۆ و ڕێککەوتنی سیاسی، پشتبەستن بە گشتپرسی و هەڵبژاردن، یاخود لە کۆتا چارەسەریشدا پەنابردن بۆ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی (الطوارئ) و داواکردنی سەربەخۆیی و جیابوونەوە. بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیيە زۆربەی ئەم ئامرازانە لە ئاستی یەکلاکردنەوی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراقدا ناکاران یان پەکخراون، جگە لە ئامرازی گفتوگۆ و ڕێککەوتن، کە تا ئێستا چەندین گەڕی گفتوگۆ بەڕێوەچووە و هیچ گەڕێکیشیان نەگەشتووەتە چارەسەری ڕیشەیی و کۆتایی، دواهەمینیان لە سەروەختی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ(کازمی) لەسەر دۆسییەی خەرجکردنی بەشێک لە موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەستی پێکردووە و هێشتا بەردەوامە.

**- تەوەرەکانی گفتوگۆی هەنووکەیی هەولێر و بەغدا:**

هەرچەندە ڕیشەی ئەم ناکۆکییانەی ئێستا، کە تایبەتە بە دۆسیەی خەرجکردنی بەشێک لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، وەک سەرجەم دۆسیە جێناکۆکەکانی تری نێوانیان کۆنە، بەڵام پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی ئەمجارە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ٢٠٢٠، کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان وای نیشاندا کە ناتوانێت بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیەتی پابەندبێت کە تایبەتە بە ڕۆژانە ڕادەستکردنی بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم بە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی (سۆمۆ)، بەرامبەر بە خەرجکردنی بەشێک لە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق. لەم نێوەندەشدا پاساوی سەرەکی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە بەغداد لە ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ بەشە بودجەی  نەناردوە بۆیە هەرێم قەرزی کردوە وئەو پارەیەشی ٢٠١٩ ناردوویەتی بەشی

موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی نەکردووە، هاوکات حکومەتی هەرێم بە نافەرمی ئەوەی خستووەتەڕوو کە عێراق نزیکەی ٤٠٠ ملیار دۆلار قەرزاری هەرێمە، زۆربەشی بریتیە لە قەرەبووی ئەو زیانانەی لەسەر دەستی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق لە ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ بە کوردستان گەیەنراوون، هەر لە قوربانیی مرۆییەوە تا زیانی ماڵی و ژینگەیی و پەکخستنی ژێرخانی ئابووریی، لەگەڵ خەرجی لەخۆگرتنی ئاوارەکانی جەنگی داعش لە ٢٠١٤ تا ٢٠١٩، هەروەها خەرجی دابینکردنی سوتەمەنی بۆ وەبەرهێنانی کارەبای کەرکوک لە ٢٠١١ تا ٢٠٢٠، ئەمە وێڕای قەرز و قەرەبووی موچەی بڕاوی ساڵانی ڕابردووی فەرمانبەرانی هەرێم. لەبەرامبەرشیدا زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەڵێن هەرێم ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاو (١٢% - ١٣%) لە بودجە گشتی عێراق دەبات، بەبێ ئەوەی هیچ پابەندییەکی داراییی لەبەرامبەر عێراقدا بگرێتە ئەستۆ و ڕۆژانە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی زیاتر لە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لەڕێگای تورکیاوە هەناردەی دەرەوە دەکات، ئەمە وێڕای ئەوەی هەندێک لایەنی عێراقی داوا دەکەن هەرێم ناچار بکرێت بە بژاردنی ئەو زیانانەی بە ئابوری عێراقی گەیاندووە، کە لێکۆڵینەوەکانی دەستەی نەزاهە بە نزیکەی ١٢٨ ملیار دۆلار خەمڵاندوویەیانە!

ئەم پێداگریانەی هەردوولا بزوێنەری ناکۆکیەکانی ئەم شەشە مانگەی ڕابردووی ئەم ساڵ بوون، کە تارادەیەک بۆ موچەخۆران و خەڵکی هەرێمی کوردستان کە تەنها موچەی یەک مانگی ئەم ساڵیان پێدراوە نائومێدکەربووە. هەرچەند لەگەڵ توندبوونەوەی هەر جارێکی ناکۆکییەکانیشدا هیچ کام لە هەولێر و بەغدا دەستبەرداری گفتوگۆ نەبوون، بەتایبەت لەدوای پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە عێراق، مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران، ئامادەیی ئەنجامدانی گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەسەر کێشەکانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕیوە، لەبەرامبەریشدا هەولێر ئامادەیی ڕادەستکردنی ئەو بڕەی دەربڕیوە کە پێشتر بەغدا داوای دەکرد (٢٥٠هەزاربەرمیل).

بۆیە لە ڕوانگەی کوردەوە ئامانج لە گفتوگۆکانی ئەم جارە لەلایەک بۆ جێگیرکردنی پشکی هەرێمە لە بودجەی گشتی ٢٠٢٠، بەهەمان شێوەی بودجەی ٢٠١٩، لەلایەکی‌ترەوە بۆ زامنکردنی بەردەوام پابەندبوونی حکومەتی فیدراڵەوە بە خەرجکردنی ئەو بەشە لە موچەی فەرمانبەرانی هەرێم کە لەسەری ڕێکدەکەون. بەڵام لەڕوانگەی حکومەتی بەغداوە ئامانج لە گفتوگۆکانی ئەم جارە بریتیە لە ناچارکردنی هەولێر بە ڕادەستکردنی ئەو بڕە نەوتەی لە ساڵی ڕابردووەوە لە ئەستۆیەتی و تا ئیستا هیچی بە کۆمپانیای سۆمۆ نەسپاردووە، ئەمەش پێویستە بەر لەئیمزاکردنی هەر ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ هەرێم جێبەجێبکرێت. هەروەها لەسایەی گرێدانی هەر ڕێککەوتنێکی نوێدا، پێویستە هەرێم پابەند بکرێت بە ڕادەستکردنی کۆی ئەوداهاتانەی لە فرۆشتنی نەوت دەستی دەکەوێت لەپاڵ بەشکردنی داهاتی گومرگ و خاڵە سنورییەکان لەگەڵ ناوەند، ئەمەش بەرامبەر هەر بەشە بودجەیەک دەبێت کە هەرێم لە بودجەی گشتی وەریبگرێت.

ئەگەرچی ڕێککەوتنی ئەمجارەی هەولێر بەغدا دەرفەتی زۆری بۆ هەردوولا تێدایە، بەڵام لە سایەی ئەو قەیرانە ئابوورییەدا کە هەردوولا دووچاری بوون، وەک لێکەوتەیەکی سەرەکی داڕمانی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەهۆی بڵاوبوونەوەوی پەتای کۆرۆنا، پێناچیت گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە هەردوولا قایل بکات ئاسان بێت.

**- دەرفەتەکانی ڕێککەوتنی هەولێر وبەغدا:**

هەرچەندە دۆخی ئابووریی هیچ لایەک هاوکار نییە تا سارێژی برینە سیاسییەکانی نێوانیان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دەرفەت هەیە کە هەردوولا لەسەر گفتوگۆکردن خوازیار دەکات:

**دەرفەتەکان بۆ حکومەتی هەرێم** بریتین لە:

١- قەیرانی ئابووریی و خاویی و کەمی کاریگەریی هەنگاوەکانی چاکسازی؛ وایکردووە هەولێر پێویستی ڕاستەوخۆی بە باربوویەکی دارایی خێرایە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی کە لێکەوتەی سیاسیی وکۆمەڵایەتی جێهێشتووە و دەزگاکانی حکومەتی لە ڕووی متمانەوە بە هاووڵاتییانەوە لاوازکردووە.

٢- ناکارایی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ کە ڕووی لاوازی حزبە بەشدارەکانییەتی و هاوکار نین لە هەنگاونان بۆ چاکسازیی و پشتیوانی لە حکومەت و نەبوونی نەخشەڕێگایەکی نیشتمانیی گشتگیر بۆ چاکسازی کە پەسەندکراوی حکومەت و حزبەکانی بێت، لەسایەی ئەمەشدا حکومەتی هەرێم پێویستییەکی خێرای بە پشتیوانی سیاسیی حکومەتی فیدراڵە.

٣- دۆخی هەرێمایەتی؛ هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر هەرێمی کوردستان و لە هەرکات زیاتر هەرێم پێویستی بە دەستووری عێراق و پابەندییەتی بەوەوە، ئەمەش بە تەنها لە ڕێی نزیکبوونەوە لە بەغدا دەکرێت و ئەم هەنگاوە دەتوانێت بەشێک بێت لە ساردکردنەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لە ئێستادا تورکیا و ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان (بە هەماهەنگی) دروستیان کردووە.

٤- دانانی بناغەیەک بۆ هەنگاونان بەرەو ڕێککەوتن لەسەر دۆسیە و کێشە هەڵپەسێردراوەکانیتری لەگەڵ عێراق، بەتایبەت چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان.

**دەرفەتەکان بۆ حکومەتی عێراق** بریتین لە:

١- دۆخی ململانێ سیاسییەکانی عێراق و هەژموونی میلیشیاکانی عێراق؛ کە لە سایەیدا کابینەی نوێی عێراق و خودی مستەفا کازمی پێویستی بە پشتیوانیی سیاسیی و ئاسایشیی حکومەتی هەرێمە، هەردوولا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و ڕزگاربوونیان لە گەندەڵی کەڵەکەبوو، پشتیوانی وهەماهەنگییان پێویستە، لانیکەم بۆ ئەوەی بتوانن ئەولەویەتی کاریان پەرە پێبدەن نەک بپەرژێنە سەر ململانێ و جەنگە لاوەکییەکان.

٢- دۆخی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و هەڕەشەکانی سەر سەروەریی سیاسیی حکومەتی عێراق، بەتایبەت لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، ئەوە دەخوازێت بەغدا لەگەڵ هەولێردا بە ئەجێندایەکی سیاسیی هاوبەش کاربکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی هەرێمایەتی و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکانی سەر عێراق.

٣- دۆسێی تیرۆر وسەرهەڵدانەوەی لە ناوچە دابڕێنراوەکان، بە ئەزموون بۆ حکومەتی بەغدا سەلمێنراوە کە بەبێ هێزی هاوبەش و بەبێ پشتیوانی پێشمەرگە و دەزگاکانی بەرگریی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە، بۆیە خواستی ئاسایشیی عێراق هەماهەنگی نێوان هەولێر وبەغدای دەوێت.

٤- ڕۆیشتی کازمی لەگەڵ شەپۆلی دژە هەرێم کە ئێستا لە ناوخۆی عێراق و وڵاتە دراوسێکان پەرەی سەندوە، بەمەبەستی لاوازکردن و سنوردارکردنی پێگەی ستراتیجی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە وعێراق.

**- کۆسپەکانی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا:**

سەبارەت بە کۆسپەکان لەسەر ئاستی عێراق، پەتای جیهانگری کۆرۆنا، دۆخی ئاسایشیی عێراق، دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمایەتی و جیهانی لە سەرووی هەموویانەوە ئێران و ئەمریکا، ململانێ نێوخۆییە توندەکان، گەندەڵی، شکستی بەڕێوەبردن و کەمی خزمەتگوزارییەکان، پێکەوە یەک پاکێجی کۆگیری ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕوی بەغدا بوونەتەوە، چارەسەری هەریەک لەمانە نەک کاتی دەوێت بەڵکو سازان و چاکسازییەکی ڕیشەیی دەوێت کە لە توانای کابینەی ئێستا و ئەجێندای کردەیی حزبەکان بەدەرە.

بەڵام لە ئێستادا ئەولەوییەتی کاری حکومەتی بەغدا، بەر لەوەی ئاسایشی، سەروەریی و سیاسی بێت، زۆرتر ڕووبەڕووبوونەوەیەتی بەرامبەر قەیرانی قوڵی ئابووری، کورتهێنانی ئابووری عێراق دەرخەری ئەو دۆخە ناهەمووارەیە کە دەستکورتی حکومەتی عێراق نمایش دەکات و مانۆڕ و مامەڵە سیاسییەکانیشی لەگەڵ هەولێر زۆر سنووردارتر لە جاران دەکات، گەر لە کابینەکانی پێشوودا ئەجێندای سیاسی و ململانێی دەسەڵات و پێکهێنەرەکانی حکومەتی عێراقی ڕێگر بوون لە گەیشتنە چارەسەریی ڕیشەیی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراق، گەر بڕینی مووچە وشایستە داراییەکانی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٤دا لەلایەن حکومەتی بەغداوە، لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی هەژموونی سیاسیی هەولێر بووبێت و دەستبەستنی بووبێت لە جووڵەی سیاسییدا لەڕێی فشاری ئابوورییەوە، ئەوا ئەمجارە حکومەتی عێراق بەر لە هەرشتێک دەستکوورتییە ئابوورییەکەی پاڵپێوەنەرییەتی بۆ ساردی لەگەڵ هەرێم و دابیننەکردنی شایستە داراییەکانی.

گەر بڕوانرێتە کورتهێنانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی عێراق ڕەنگە ئەم وێنایە ڕوونتر بخاتەڕوو:

بەشێکی کێشەی ئابووریی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی قەیرانیی دارایی نێوان ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ کە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و کورتهێنانەکانییەوە، بەغدا بۆ دابینکردنی مووچە و خەرجییەکانی زیاتر لە ٣٥ ترلیۆن دیناری نێوخۆیی و١٢ ملیاری دەرەکی قەرز کردووە. هەروەها کێشەیەکی دیکەی عێراق دەسکاریکردنی یەدەگی نەختینیەیەتی، کە زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلاری لە یەدەگی دراوی بیانی بۆ هاوسەنگراگرتنی نرخی دینار ڕاکێشاوە.

بەڵام سەرەتا کوشندەکانی قەیرانی ئابووریی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا نیشانەکانی بەڕوونی دەرکەوت، چونکە لەوساڵەدا جەنگی داعش بەرەو کۆتایی ڕۆشت و خەرجی و تێچوونەکانی بە ٨٨

ملیار دۆلار خەملێنرا، حکومەتی عێراق پاش دەستخستنەوەی شارە پاککراوەکان لە دەستی تیرۆریستان، بەسەر وێرانەکی تەواودا کەوت، هەر لەبەر ئەوەش بوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای بووژاندنەوەی ئابووریی عێراقی کرد لە سێ ڕووەوە: بوژاندنەوە لەڕێی مینحەی دارایی، کۆمەکی دارایی لە پێناو بوژانەوەی کەشیی ئابووریی هەروەها بوژاندنەوەی وەبەرهێنانی عێراق. خودی کۆنگرەی کوەیتیش ئامانجی سەرەکی دەستخستنی باربوویەکی سەدملیاردۆلاری بۆ عێراق بوو، بەڵام لە پێکانی ئامانجەکەیدا شکستی هێنا ویەک لەسەر سێی ئەو بڕەش دەستنەخست.

کێشەکانی زۆری مووچەخۆر و ئەو هاوڵاتیانەی بە جۆرێک مووچەوەرگری حکومەتن، کێشەیەکی بنجی بۆ سەرڕێژی خەرجی و لێڕۆیشتنی دارایی عێراق سازکردووە، بە گوێرەی هەندێک ئاماری بەردەست تا ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی ٩،٤٠٠،٠٠٠ کەس، پارە و موچە و منحە لە خەزینەی دەوڵەت وەرگرتووە، ئەمە سەرەڕای دامەزراندن و گرێبەستە نوێکانی ئەم ساڵانەی پاشتر. کە بە بەراورد بە دانیشتووانی عێراق ڕێژەیەکی زیاد لە پێویستە و بەرخۆرییەکی کوشندەی لەسەر خەزێنەی داهاتی عێراق سازکردووە.

لەبارەی کورتهێنانی بوودجەی ساڵی ٢٠٢٠یشەوە، بانکی نێودەوڵەتی پێشبینی پووکانەوەی ئابووریی بە ڕێژەیەکی بەرز کردووە و کورتهێنانی عێراقیشی بە ٢٩٪ خەملاندووە. بە گوێرەی هەندێک ڕاپۆرتی ئابووریش، ئاماژە بەوە کراوە، لە بودجەی ٢٠٢٠دا کورتهێنانی بودجەی عیراق خۆی نزیک دەکاتەوە لە ٤٨ ملیار دۆلار، لە کاتێکدا لە بودجەی ساڵی ٢٠١٩دا کورتهێنانەکە تەنها ٢٣ملیار دۆلار بوو.

سەرەڕای ئەوانەش گەندەڵی، خەرجی میلیشیاکان، دۆسێی هەدەردانەکانی نەوت، کۆنترۆڵنەکردنی گومرگەکانی و هەژمونی میلیشیا و تاقمە سیاسییە هەژمووندارەکان، هێندەی تر، دەستوباڵی عێراقی بەستووە، گەر چاکسازییەکی کۆگیر نەبێت کە هەم سیاسەت وئابووریش پێکەوە بگرێتەوە چارەسەر نابێت و تەنها سرەواندنی ئازارەکەیە و لێڕۆیشتنی دارایی دادەپۆشێت.

لەبەر ئەوە دەردەکەوێت گەر ساڵانی پێشتر هۆکاریی سیاسیی خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا بوبێت، ئەوا پاش قەیرانی ئابووریی نوێ و لێکەوتەکانی ئابووریی پاش کۆرۆرنا، زیاتر هۆکارەکە ئابوورییە وقەیرانێکی ڕاستەقینە ساڵانێکە یەخەی بەغدای گرتووە و بۆیە ئێستا دۆخی ئابووریی عێراق هاوکار نییە بۆ کەمڕەنگکردنەوەی ململانێ سیاسی و شوناسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

هەرچی سەبارەت بە کۆسپەکانە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم ململانێی نێوان حزبە کوردییەکانە، نەبونی یەکڕاییە لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، هەروەها دابەشبوونی نێوخۆیی حیزبەکان و ململانێی باڵەکانیانە، ئەمە وێڕای قەرزاری و باپەندییە زۆرەکانی هەرێم بەرامبەر کۆمپانیا بیانییەکان، لاوازی هەرێم لە ڕووی نەبوونی زانیاری و ڕوونکاریی(شەفافیەت) لەسەر بڕی ڕاستەقینەی داهات و توانا ئابوورییەکانی خۆی، لەپاڵ نەبونی متمانە بە بەغدا و چارەسەرنەکردنی کێشە دەستوورییەکانی تری لەگەڵ هەرێم.

**- سیناریۆکانی ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا:**

دەشێت لەسایەی ئەو دەرفەت و کۆسپانەی ئاماژەیان بۆکرا سێ سیناریۆ پێشبینی بکرێت:

١- مانەوەی ناکۆکییەکان وەک خۆیان، وێڕای ئەنجامدانی گفتوگۆی پچڕپچڕ بەبێ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیری یەکلاکەرەوە، بەشێوەیەک هەرکاتێک هەلی بەهێزبوونەوە بۆ هەلایەک ڕەخسا دەستبەرداری پشتیوانییەکانی ئەویتر ببێت، بە تایبەت کە هەندێک لایەنی هەرێم نایشارنەوە کە پشکە داراییەکانی بەغدا بۆ هەولێر وەک هەلێکی پراگماتی و تاکتیکی دەزانێت، نەک ئامانجێکی ستراتیژی.

٢- سەرکەوتنی گفتوگۆکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی یەکلاکەرەوە، بەتایبەت لەسایەی ئەو دەرفەتانەی بۆ هەردوولا ئاماژەیان بۆ کرا، بەڵام بەمەرجی هەبوونی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لەلای هەردوولا، بەشێوەیەک هەریەکە وەک هاوبەشێکی هەمیشەیی، لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا کە تاکە چارەیە بۆ ئایندەی پێکەوەژیانیان، بڕواننە یەکتر.

٣- شکستخواردنی ڕێککەوتنەکان و قوڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییەکان، لەسایەی ئەو ڕێگرییە خودییانەی لای هەردوولا هەن، بەتایبەت کە قەیرانی ئابوری زیاتر هەرێم دەستەوستان بکات لە پابەندبوون بە هەر مەرجێکی نوێی ڕێککەوتن، لە پاڵ بەردەوامبوونی قەیرانی ئابووری عێراق ومل نەدان بۆ چیدی هاوکاریکردنی دارایی هەرێم، وەک دەرفەتێک بۆ کەمکردنەوەی ئەرکە داراییەکانی سەرشانی حکومەتی ناوەندی خۆی.

## تەوەری دووەم: گفتوگۆکانی عێراق – ئەمریکا

**- سروشتی پەیوەندییەکانی عێراق - ئەمریکا:**

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە بەردەوام ئاڵۆزی و هەوراز و نشێوی بە خۆوە دیوە، ڕاستە ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای دوو ڕێکەوتنامەی ستراتیژی و ئاسایش دامەزراون، ڕێکەوتنی یەکەمیان کە بە <سۆفا> ناسراوە تایبەتە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تا ساڵی ٢٠١١، ئەویتریان ڕێکەوتنی <چوارچێوەی ستراتیژیی>ە، کە لەسەر بنەمای ئەو یاداشتانە دامەزراوە کە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی لە ٢٠١٤/٦/٢٥دا کراوە، هەروەها یاداشتی دووەم لە ٢٠١٤/٩/٢٠، لەبەرئەوەی هەردوولا بە تایبەتی دوای گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئەو بڕیارەی لە مانگی٢٠١٠/٢/٥ تایبەت بە نەخشەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەرچوو. پاش کوژرانی قاسم سولەیمانی لە بەغدا، هەردوولا بۆ دیاریکردنی چوارچێوەیەکی ڕونتر و یاسایی تر، گفتوگۆکانیان لە ١١ی حوزیرانی ٢٠٢٠ دەست پێکردوە، بە ئامانجی گەیشتن بەڕێکەوتنێکی فرەڕەهەند کە چەند دۆسییەک لە خۆبگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا دۆسیەی ئاسایش بابەتی لە پێشینەی گفتوگۆکانە.

**- تەوەرەکانی گفتوگۆی عێراق - ئەمریکا:**

ئەوەی کە لە نەخشەڕێگەی تەوەرەکانی گفتوگۆکان و ڕاگەیەنراوەکەی  یەکەم دانیشتنی هەردوو لایەنی شاندی دانوستانکارو وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا هاتوە ، گفتوگۆکان لەسەر چوار تەوەری سەرەکی دەبن:

تەوەری سیاسی: گفتوگۆکان لەسەر بابەتی پشتگیری حکومەتی نوێی و چاکسازی سیاسی و ڕێزگرتن لە سەروەری عێراق چڕ دەبێتەوە

تەوەری  ئاسایش: ئەم تەوەرە تەوەرێکی سەرەکییە لە گفتوگۆکان و ، بە پێی هەندێك بیرو ڕا ناوەڕکی گفتوگۆکان و ئامانجە بنەڕەتیەکە بۆ گەیشتنە بە ڕێکەوتنێکی تەواو لەسەر تەوەری ئاسایش، لە دوای گرژی و ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی عێراق و هەندێك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی بە تایبەتی دوای بە ئامانج گرتنی قاسمی سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس ، ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەرزبووەوە بۆ ٥٦٠٠ سەربازو ، ئەمریکا بەهۆی  مەترسی لەسەر بنکە سەربازییەکانی چوار بنکەی سەربازی ڕادەستی هێزەکانی عێراق کردەوە، ئەوەش لە بەر بونی مەترسی هێرشی چەکداری و پاراستنی هێزەکانیان،هەوەها چۆنێتی ڕێکخستنەوەی ڕاهێنانی هێزەکانی عێراق و مەترسیەکانی داعش بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانەوەی مەترسیەکانی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق ، هەروەها تەوەری مانەوەی چەك لە دەستی دەوڵەت و ڕێکخستنەوەی هێزە میلیشیاکان لە چوارچێوەی سیستمی بەرگری عێراق و تەوەری فرۆشتنی چەك و بیرکردنەوەی لە دانانی سیستمی بەرگری لە عێراق و دانانی نەخشەیەك بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە بنکە سەربازییەکان.

تەوەری ئابوری و وزە: ئەم تەوەرە زیاتر بابەتی ئەو قەیرانە ئابورییە دەگرێتەوە کە ئێستا عێراق پیا تێئەپەڕێت بە تایبەت دوای ئەوەی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا دابەزینی بەخۆوە بینی بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید 19، هەروەها بابەتی ریفۆرمی ئابووری و پشت نەبەستنی عێراق تەنها بەیەك دەروازەی ئابووریی و کرانەوەی عێراق بە ڕووی وڵاتانیتر، بەتایبەتی کاراکردنی پەیوەندییە ئابورییەکانی عێراق لە ڕووی گازی سروشتی لەگەڵ سعودییەدا.

تەوەری کلتوری: ناوەڕۆکی ئەم تەوەرە زیاتر پەرەپێدانی پەیوەندی زانکۆکانی عێراق و گەڕانەوەی ئەرشیفی سیاسی بەعس و ئەو پارچە شوینەوارییانە دەگرێتەوەی کە لەدوای داگیرکردنی عێراق لە ئەمریکان و عێراق داوای دەکاتەوە.

**- ئامانجی گفتوگۆکانی عێراق - ئەمریکا**

ئامانجی سەرەکی ئەم گفتوگۆیانە گەیشتن و زەمینەسازییە بە ڕێکەوتنێکی گشتگیر بۆئەوەی پابەندیەکی جێگیری دوولایەن دروستبکات و هەموو تەوەرەکان بەڕوونی ڕاڤە بکرێن و جێگەی مشتومڕ نەبێت، وەك لە ئێستادا هەیە، بێگومان هەردوولا ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لێرەدا گرنگترین ئەو ئامانجانە دیاریدەکەین کە هاوبەشن:

**یەکەم: ئامانجی سیاسی**

بۆ هەردوولا حکومەتێکی بەهێز و خاوەن سەروەری دوور لە دەستێوەردانی هەرێمیی خاڵی هاوبەشیانە، بە تایبەت بۆ عێراق ئامانجێکی سەرەکیە کە لە ئێستادا عێراق بووەتە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیی، ڕەنگە ئەم ڕێکەوتنە دەروازەیەك بێت بۆ ئەوەی داوای ڕێکەوتنی هاوشێوە لە ئێران و تورکیا بکات، تا سنورێك بۆ دەستێوەردانەکانیان لە کاروباری سیاسی و ئاسایی عێراق وەربدەن، بەمەستی ڕێگرتن لە دەستێوەردانی ئێران، ئەمریکا دەیەوێت دەستی ڕوسیا و چینیش لە عێراق دووربخاتەوە، بە تایبەت چین، کەزۆر چاویان لەسەر قایمکردنی پێگەی خۆیانە لە سوریا و عێراق، هەروەها بۆ هەردولا گرنگە زەمینەسازی بکەن لەوەی عێراق بەرەو هەڵبژاردنی خاوێن و دوور لە دەستێوەردان هەنگاو بنێت.

**دووەم: ئامانجی ئاسایش و سەربازی**

پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەکو دڵی ئاسایشی ناوچەکەیە بە تایبەتی بۆ ئێران، سعودیە، ئیسرائیل و تورکیا، بۆیە عێراق دەتوانێت مەترسی بێت لەسەر بەرژەوەندییەکانیان، بۆ ڕاگرتنی بالانسی ئاسایش و ریسکی سەربازی، بۆیە گرنگە بۆ هەردوولا ڕێکەوتنێکی کۆنکرێتی ئاسایش و سەربازی هەبێت، ئەمریکا لە گفتوگۆکانیدا بە ئاشکرا ئەوە دەڵێت کە ئەو ژمارە زۆرەی سەربازەکانی کەم دەکاتەوە و بنکە سەربازییەکانیشی بۆ پێنج تا چوار بنکە دەهێڵێتەوە، بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەسەری ڕێکدەدەکەون، ئەوەش تا ئەوکاتەی عێراق دەتوانێت ئاسایشی خۆی بپارێزێت، چونکە ئەمریکا ڕێگە بەوە نادات بەرژەوندییەکانی لە عێراق بخاتە بەردەم هەڕەشەیترەوە، وەك ئەوەی لە ٢٠١٤ لە دوای هاتنی داعش بۆ عێراق دروست بوو. هەروەها ئەمریکا هەستی بەوە کردوە سزا ئابورییەکانی سەر

ئێران زۆر کاریگەر نەبووە لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو هێزانەی کە لەلایەن ئێرانەوە لە عێراق، پشتگیری دەکرێن، بۆیە لەم ڕێگەیەوە سنورێك بۆ ئەو هێزانە و کاریگەرییان دادەنێت و حکومەتی عێراق ناچار دەکات لەچوارچێوەی سیستمی بەرگریدا ڕێگەیان پێنەدات، بۆ هەردوولا ئامانجی سەرەکی بنیادنانی سیستەمێکی بەرگریی دژەموشەکی، هاندەری ئەوەیە بگەنە ڕێکەوتنێک، چونکە ئەمریکا نیگەرانە لەوەی: عێراق بیر لە سیستەمی جێگرەوەی ئەمریکی بکاتەوە، هەروەها دەیەوێت عێراق بە پاراستنی بنکە سەربازییەکانی پابەند بکات، لە ڕوی هەرێمییشەوە دیارە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا-تورکیا پەیوەندی ناجێگیرن، جیا لەوەش دەیەوێت پێگەکانی خۆی لە سوریا و ڕۆژئاوا بەهێزتر دەکات.

**سێیەم: ئامانجی ئابوری و ووزە**

ئامانجی عێراق لەم ڕێککەوتنە ئەوەیە خۆی لە سزای ئابووریی ئەمریکا بەدوور بگرێت، چونکە عێراق سەرەڕای قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت، پەتای کۆرنا و بێکاری، توانای ئەوەی نییە سزای تری بەسەردا بسەپێنرێت، بە پێچەوانەوە چاوەڕێی پشتیوانی و هاوکارییە، ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٤ لە ڕێگەی کۆنگرێسەوە ٦،٥ ملیار دۆلاری بۆ عێراق تەرخانکردوە، ئەوانیش بۆ بەرنامەکانی ڕاهێنان، پرچەککردنی سوپا، ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان، گێرانەوەی ئاوارەکان و پاککردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی عێراق ئامانجێتی بەسوودوەرگرتن لەم ڕێکەوتنە، ئەو ٣٥ ملیار دۆلارەی لە بانکی فیدراڵی ئەمریکیە بەدەستی بهێنێتەوە، بە تایبەتی کە ئێستا عێراق بە قەیرانێکی گەورەی ئابوریدا دەڕوات. ڕەنگە ئەم ڕێکەوتنە گرەنتی بەدەستهێنانی وزەی کارەبا و غاز لە کەنداوە بۆ عێراق مسۆگەر بکات، بە تایبەت ئەمریکا لە دوای دەستبەکاربوونی کازمی ساڵێکیتر ماوەی سودوەرگرتنی لە وزەی ئێرانی بۆ عێراق مسۆگەر کرد. ڕەنگە یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوە بێت دەرفەتی زیاتری وەبەرهێنان لە بواری وزە، کارەبا و وەبەرهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە عێراق فەراهەم بکات. ئەو وەبەرهێنانەی ئێران کە لە ڕێگەیەوە باڵادەستی هەیە، لە ژێردەستی ئێران وەربگرێتەوە، کە لە ئێستادا شادەماری جوڵەی ئابووریی ئێرانە و پەنجەرەیەکیتری جوڵەی ئابورییە بۆ هەژمونکردنی لە ڕێگەی عێراقەوە بۆ سوریا.

**چوارەم: ئامانجی کولتووری**

ئەمریکا لە ڕێگەی ئەم ڕێکەوتنەوە دەتوانێت دەروازەیەکی باش بۆ بوژانەوە و پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ عێراق بسازێنێت، زیاتر زانکۆکان و ناوەندە زانستیەکان بە ناوەندە ئەمریکیەکانەوە ببەستێتەوە، هەورەها بۆ حکومەتی کازمیش گرنگە لەگەڵ ئەمریکادا بە ڕێکەوتن بگات بۆ گەڕانەوەی ئەرشیفی سیاسی عێراق و گەڕانەوەی ئەو پارچە شوێنەوارییە ژیاریانەی کە عێراق لە ماوەی حەفدە ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیەوە بیانگەڕێنێتەوە. بۆ ئەمریکاش گرنگە کە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە متمانە دروستبکاتەوە بەوەی مەبەستی لە داگیرکردنی عێراق، ڕزگارکردنی بووە نەك وێرانکردنی.

**- کوردو رێککەوتننامەی ستراتیژیی عێراق-ئەمریکا:**

هەرچەندە ئەم رێککەوتننامەیە لە بنەڕەتدا لەنێوان حکومەتی فیدراڵی (وەك دەوڵەت) و ئەمریکادایە، بەڵام بە شێوەیەك هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستوریی و هەبوونی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە هەرێم، پەیوەندیدارە بەم کێشەیەوە.

ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك رێککەوتننامەی چوارچێوەیی ئەمریکا-عێراق واژۆ کرا، بە هیچ شێوەیەك هەرێم رۆڵی تێدا نەگێرا و لای هەرێمیش بە ئاسایی تێپەڕی، رەنگە بەهێزیی و یەکگرتوویی ئەوسای پێگەی کورد و بوونی جەلال تاڵەبانی لە بەغدا و هەروەها بوونی کوردێك (هوشیار زێباریی) لە سەرۆکایەتی دەستەی گفتوگۆکار و وەك وەزیری دەرەوەی عێراق هۆکاری گوێپێنەدانی کورد و هەرێم بە رێککەوتنە ستراتیژیەکە بووبێت، بەڵام ڕوداوەکانی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ و شەڕی داعش و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر بەشێك لە ناوچەکانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لای هەرێم زیندووکردەوە. هەرێم ئەمجارە دەیەوێت لەوە دڵنیابێت کە بەهێزکردنەوەی عێراق وەك دەوڵەت بەهێزکردنەوەی هەرێمش دەبێت و هەروەها بتوانێت سود لە سەرجەم هاوکارییە جۆربەجۆرەکانی ئابووریی و کولتووری و تەکنۆلۆژی ئەم رێککەوتننامەیە وەربگرێت.

ڕاستییەکەی پێگەی ئێستای هەرێم بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٨ زۆر جیاوازە، رەنگە هیچکات هەرێم لە ڕووی ستراتیژییەوە هێندە لاواز نەبووبێت، قەیرانی ئابوری، کێشە نێوخۆییەکان و دەستێوەدانی وڵاتانی دراوسێ (تورکیا وئێران) پێگەی هەرێمی بەرامبەر عێراق لاوازکردوە، بەمەش ئەگەری دانپیانانێکی جیاواز بە پێگە و ڕۆڵی هەرێم لە رێککەوتننامەکە سەختتر دەکات.

لەلایەکیترەوە پلانی ئێستای ئەمریکا لە عێراق دەستگرتنە بە حکومەتەکەی مستەفا کازمی-یەوە و خۆشحاڵە کوردەکان لەمەدا هاوکاری بکەن، بەم هۆیەوە و لەبەر نزیکی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی لە ئەمریکا، ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپی دەیەوێت بگاتە رێککەوتنامەیەك لەگەڵ عێراق تا ئەمریکییەکان قایل بکات کە خاوەن بەرنامە و ستراتیژ و بەڵێنەکانیەتی لە عێراقدا.

بۆیە گرنگترین ئامانج کە هەرێم پێویستە لەم رێککەوتنە بیپێکێت بریتیە لە:

یەکەم: وەرگرتنی دڵنیایی لە سود وەرگرتنی هەرێم بەپێی رێژەکەی و لەسەرجەم هاوکاری، وەبەرهێنان و ڕاهێنانانەی کە دەرەنجامی ئەو رێککەوتننامەیە بۆ عێراق دەستەبەری دەکات.

دووەم: کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەستێوەردانی وڵاتە دراوسێکان بۆسەر سەروەری خاکی کوردستان و عێراق.

سێیەم: کرانەوەی عێراق و بازاڕەکانی بۆ بەرهەم و کاڵا و بازرگانی هەرێم چ بۆ نێوخۆ چ بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی.

چوارەم: دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق.

**- سیناریۆکانی ئایندەی گفتوگۆکانی عێراق - ئەمریکا:**

یەکەم: ئەگەری بەهێز ئەوەیە گفتوگۆکان زەمینەی ئەوە دەسازێنن، کە ڕێکەوتنی گشگیر دروست بکەن، چونکە کارەکانی ئەمریکا لەسەر عێراق و ناهاوسەنگی لە پرۆسێسی دانوستان و دەسکەوتەکان بۆ عێراق زۆر گەورەن، بە بەراورد بە زیانەکان، کەخوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرێت ئەمریکا لەڕێگەی ئەم ڕێکەوتنەوە هەژمونێکی گشتگیر بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت و دەستی وڵاتانیتر لە عێراق کوورت دەکاتەوە.

دووەم: مانەوە لە دۆخی ریکەوتن یان ئەو چوارچێوە نارِوونەی کە ئێستا هەیە لەبەر هۆکاریتر کە ئێستا کاری لە پێشینەی هەردوو لایە، بە تایبەت فاکتەری بڵاوبونەوەی پەتای کۆڤید 19 کە دەرفەتی ئەم دۆسێەیەی وەکو دۆسیەی لە پێِشینە خستۆتە دواوە، کاری لە پێِشینە فریاکەوتنی ئابووریی عێراق و بابەتی ژێرخانی تەندروستییە، بۆ ئەمریکاش بابەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کاری لەپێشینەیە.

سێیەم: کوردستان لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ڕووبەڕووی دۆخێکی ئابوری و تەندروستی بووەتەوە، وای کردوە پێگەی لە عێراقدا لاواز بێت، بۆیە ئەگەری بەشداریکردن و کاریگەریدانان لەسەر ڕێکەوتنەکەی ئەمریکاو عێراق لاوازە، بەڵام خاڵی ئەرێنیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا و پاراستنی دەسکەوتەکانی و سوودوەرگرتن لە دەرئەنجامە ئابووریی، سیاسی و ئاسایشییەکانی ڕێکەوتنەکە.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

1. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
2. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
3. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
4. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
5. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
6. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
7. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
8. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
9. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
10. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

1. اجراء البحث العلمي و نشره.
2. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
3. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
4. اصدار مجلة علمية محكمة.
5. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
6. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
7. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

CFS

Center for Future Studies

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.5

# The future of dialogues and agreements
## Trilogy of Erbil - Baghdad - Washington
## The opportunities and constraints

# مستقبل الحوارات و الاتفاقيات
## ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
## الفرص و المعوقات

Sulaimania
June 2020
www.centerfs.org